باڵیۆزی ژاپۆن لەگەڵ عێراق: گفتوگۆمان لەگەڵ مەسرور بارزانی بەرهەمدار بوو

فوتۆشی ماتسەمۆتۆ، باڵیۆزی ژاپۆن لەگەڵ عێراق رایگەیاند، گفتوگۆیان لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدار بووە و جەختیان لە پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان ژاپۆن و هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، یەکێک لە تەوەرەکانی گفتوگۆی نێوانیان ناساندنی سیستەمی پرۆردەی ژاپۆنی بووە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

لە ڕووەسمی ڕاگەیاندنی کەمەڵی دەرچووانی ڕاهێنانەکانی جایکای ژاپۆنی لە هەولێر، کە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فوتۆشی ماتسەمۆتۆ، باڵیۆزی ژاپۆن لەگەڵ عێراق ئامادەبوون، گفتوگۆیان لەسەر پەرەپێدانی پێوەندییەکان و چەند پرۆژەیەکی هاوبەش کردووە.

فوتۆشی ماتسەمۆتۆ، باڵیۆزی ژاپۆن لەگەڵ عێراق لە تۆیتێکی کەمەڵایەتی (ئەکس) تویتێری پشوو نووسویەتی: "لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆیەکی بەرهەمدارمان هەبوو، هەروەها لەسەر دوو بیرکە قسەمان کرد بە پتەوکردنی پێوەندییە دوولایەنەکان لەنێوان کوردستان و ژاپۆن، کە ئێوانیش گفتوگۆ کردن بوو سەبارەت بە ناساندنی سیستەمی پرۆردەی ژاپۆنی لە قوتابخانەکانی هەرێمی

کوردستان و بڕۆدان بە پێژەی پاککردنەوەی ئاوی زێرابی هەوڵەر و پتەوکردنی ئاوگەری بازرگانی بوو".

راشیگەیاندووە: "بەبێنم بە سەرکی حکومەت دا کە هەموو هەوڵکی خەم دەخەمە گەڕ بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرەمی کوردستان و هەروەها گرنگیدانمان بە دانووستانی ئاشتیانەی نێوان هەوڵەر و بەغدا".